# ستیللایڤ

( "بەکری " خطاط

بەکری هونەرمەند و پێشمەرگە

بۆ هەمیشە لە زهنی مندا دەمێنێتەوە )

***سابیر صدیق***

**سەرت**

**چواردەوری گیراوە**

**هەور..**

**دەیەوێ بیکاتە خەو**

**با..**

**دەیەوێ بیرفێنێ و**

**وەک پۆستەری شەهیدێک**

**بەدیواری**

**مزگەوتێکدا دای بکوتێ**

** ** ** ** ** **

**+ سەرت**

**لەدەست ئەم بایە دەرناچێ**

**ئەم بێدەنگیە**

**زۆر لەدڵت گەورەترە**

**– هیچ مەهەژێ**

**دڵ بێشەیە**

**بێدەنگیشم**

**لە چاوی**

**ئافرەتێکی ئەسمەر دەچێ**

**ئێوارەیەکی جیوەیی**

**کۆچی کرد و**

**کەس نەیزانی**

**بۆ کوێ ئەچێ**

** ** ** ** ** **

**خەونەکانت هەڵگرە**

**شەوێکی بێدەنگ**

**لە چەقی دووڕێیانێکدا**

**بۆ کۆتەرە دارێک**

**یان بۆ تاشە بەردێکی بگێڕەوە**

** ** ** ** ** **

**خەونەکانم هەڵگرتووە**

**دڵم**

**بەسەمفۆنیای سروشتەوە لکاندووە**

**نیگام**

**بە گۆی مەمکی**

**ئافرەتە ئەسمەرەکەو**

**پایزێکی**

**هەمیشەیی گۆشکردووە**

****                    **                    ****

**لێتان**

**دووردەکەومەوە**

**شوێن پێکانی دەدۆزمەوە**

**سروشت**

**لە پاشکۆما سوار دەکەم**

**بە شوێن بۆنی " تیرۆزە"کەی سەر سنگی و**

**هەناسەیدا سەر هەڵدەگرم**

**شەوێکی بێدەنگ**

**لە چەقی دوورێیانێکدا**

**تێر لە ئامیزی دەگرم**

**خەونەکانمی بۆ دەگێڕمەوە**

**تارماییەکی سپی بەفر ئاسا**

**لەبەر نیگای حەپەساویا دەتوێنمەوە**

**پێی دەڵێم:**

**هیچ مەهەژێ**

**هەموو شەوێ سەعات دوانزە**

**ئەم دەنگە ترسناکە هەیە**

**لوورەی بکوژو کوژراوانی**

**ئەم شەڕە بەدەیە**

"بەسەر کردنەوەیەکی خێراتر"

**سەرت چواردەوری گیراوە**

**هەور دەیەوێ بیکاتە خەو**

**با دەیەوێ بیرفێنێ**

*

**خەونەکانت**

**شەوێکی بێدەنگ**

**لە چەقی**

**دووووووووو...**

**ووتم:**

**لێتان دوور دەکەومەوە**

**بەشوێن بۆنی هەناسەیدا سەر هەڵدەگرم**

**شەوێکی بێدەنگ**

**لەچەقی دوو ڕێیانێکدا**

**دەیدۆزمەوە**

**هەر لەدوورەوە**

**بانگ دەکا وەرە**

**دەزانم هێشتا**

**خوماری شەوی**

**ئێرە..**

**ئەم جێیە**

**بێژانە سەرە**

**نەبازنە هەیە**

**نە خەو نە مردن**

**نە بازنە هەیە**

**نە خەو**

**نەمردن**

*        *        *

**دەچمە پێشەوە**

دەڵێم:

خومار نیم

کاس و تاساوی

مەرگی ناوەختم

پاڵتۆ سەوزەکەم دەکەمە بەری و

جگەرەیەکی بۆ ڕۆشندەکەم

پێی دەڵێم: ( بەکر)

کۆچی خێرت بێ

من دەبێ جارێ

لەناو ئەم دەنگە زبرو گڕانە

لە ناو ئەم نیگا ساردو سڕانە

بمێنمەوە

من دەبێ

جارێ

ب

مێ

ن

مەوە

1987 قەرەداخ